# ئاوی زیندوو
# نەگەیشتبووە لووتکەکان

نەژاد عزیز سورمێ

مێژوو،
خوێن و پێکەنینی پێدا دێ..
باران،
بە سەمای گەردەلوول دەچێ
کەزی تاڤگان ڕادەکێشێ..
زیخ و چەوی کانی و جۆگان،
لە گوێماندا گەورە بوون..
خەباتی درەخت،
دژی ئاسمانی بێدەنگ بەردەوامە..
سەرەڕای ئەوەش
پەلکەگیا
تاک تاک
سەریان لە ناو پووشدا
دەردێنن..
**(مێژوو..**
**خوێن و پێکەنین..**
**سەمای گەردەلوول..**
**خەباتی درەخت..)**



هەمیشە بە نەخۆشیان بینیوین
خەریکە دەمارمان
بە دەرمانی ئێکسپایەر
دەردێنن..
پەنجەمان،
چاوی بێدارمان
هەڵدەگلۆفێ..
ئەستێرە،
بە جلوبەرگی دڕاوەوە

دەردەکەون
چیرۆکی (دنیای بێ شەڕ)مان
بۆ دەگێڕنەوە..
(بینین..
دەمار..
دەرمانی ئێکسپایەر..
چاوی بێدار..)

شەڕ نەیهێشت
زمانمان بێتە گۆ..
چیا چەند پەنا بوو
نەفرین بوو..
کەس پەیدا نەبوو بڵێ :
پاشا ڕووتە.
(چیا..
شەڕ..
نەفرین..
پاشای ڕووت..)

هەندێ جار
داگیرسانی دەنکە شقارتەکەی دەستم
ملپێچی بازنە بەناوبانگەکەم
بەبیر دێنێتەوە
ئەوەی لە دێری دێرەوە
دەمباتە ئاییندەیەک
تەنیا لەخۆی دەچێ..
(دەنکە شقارتە..
بازنەی بەناوبانگ..
دێری دێر..
ئاییندە..)

کە مەستم
خۆم لە خەنەبەندانی مەرگ
دەبینمەوە
لە هشیاریشمدا
چاو لەو ڕەنگانە دەگێڕم
هێز دەدەنە خۆر
سپێدە ڕوون دەکەنەوە.
سازی ژێی پساو
بە دیوار نا،
بە ناخم هەڵپەسێردراوە
ئاوازە لەبیرکراوەکانی،
ئاوازی نۆستالیژیای ناچاریـیە..
(خەنەبەندانی مەرگ..
هشیاری..
ساز..
نۆستالیژیا..)

کاژەکان
سەرەتاتکێ
لەگەڵ لووتکەدا دەکەن
کاژەکان
چەتری گۆڕستانی
داگیرکەرانن..
گیای هەژار..
ڕۆخانەی زیندانی..
شەوقی بەفر..
پاڵیان بە (با)ی نوستوو داوە..
خەون،
بە کۆتوشەڵوارێکی پینەکراوەوە،
بەناو جەستەی بنیساویاندا
دێ و دەچێ..
سەعات،
چیدی کات ناژمێرێ
مندالآن باڵداری
گەورەتر لە شەڕ

لەسەر تۆز و غوباری
کەڵەکەبووی دیواران
دەکێشن..
تەوژم،
خۆیان بە گێژەنا دەدەن..
گوڵی کەناران،
بێ هەست
بێ جووڵە
چروچیلکەیان بەخۆیان
داداوە..
**(سەرەتاتکێ..**
**چەتری گۆڕستان..**
**کۆتوشەڵوار..**
**جەستەی بنیساو..)**

ئادەمی،
لەوەتەی لە ئاوی زیندوو دابڕاون
ئینسانیەتیان لێ
داماڵـراوە
لە نەشئەی بەتاڵـی
ئوتێـلە بێ ئەستێرەکان
دەرکەوتوونەتەوە..
لەو ساوە
لەگەڵ یەکەمین چەخماخەدا
پـێیان دەڵـێین:
تەنێ ئێوارە، یا زەردەپەڕمان
بۆ ئازادکەن
پـێدەکەنن..
**(ئینسانییەت..**
**داماڵـین..**
**نەشئەی بەتاڵـی..**
**پێکەنین..)**

نیشتمانی جەستە،
گەواڵەیەکی ناوەخت بوو
بەسەر بنمیچی سووتاومان..
ملیارەکانی بەغدا،
کە زلـهێزە (مرۆڤدۆست)ـە نەدیتـکەکان
بۆ نەهەنگانیان هەڵـڕشت
لافاویان ڕاماڵـی
گـۆڕستانیان ئاوەدان کردەوە
لەو ساوە،
لەوێ
لە کەنارە ئاولـێـبـڕاوەکانی
دیجلە و فورات
باڵداری شووم
بە ئاسمانی ڕوانینمان
دێن و دەچن
تـۆی ڕووتـبوون،
لە کێـڵـگەی پۆشتەمان
دەچێـنن..
**(نیشتمانی جەستە..**
**بنمیچی سووتاو..**
**باڵداری شووم..**
**تۆی ڕووتبوون..)**

دەبووایە
نوخشەی لاسەنـگی
ڕەهایەتی لێ بدەین
دەبووایە
پـێشبینی پەژمووردەیی
لق و چڵـی دەرەتان بکەین
سەربردە سەیروسەمەرەکانمان
لە کەلاوەی
گوندە وێرانەکانمان
کە ئاوی زیندوویان تـیا ون بوو

پاک کەینەوە
دەبووایە بزانین
بەری نزار،
بەو هەموو سرِی و شەختەبەندییەی
بۆ ڕۆژێ گلەیی
لە خۆر نەکرد؟
هەناسەمان،
پڕ بە سییەکانمان نییە؟
**(نوخشە..**
**دەرەتان..**
**کەلاوە..**
**بەری نزار..)**

تا چاو تیشکیان لێ دەبووەوە
سادە بووین .. ساویلکە نا
مامۆستایانی نهێنی،
ڕۆژانە
یادداشتی
تاو و سێبەریان دەنووسییەوە..
بایی خۆمان بووین..
سنگمان قەڵغانی خەونەکانمان بوو
کە هێشتا،
ئاودیوی سنوورانمان نەکردبوو
هێشتا پاشگری
مۆڵ و
کۆمەڵێ فابریقەی بێ ناسنامەی
پیۆوە نەکرابوو
لە درۆی سپی زیاترمان نەدەزانی..
شەوان چەکمان
لە تریفەی مانگ دەشاردەوە..
بە بۆردومانی دژمن و
تەقەقەی خایینان
بەیانیمان دەکردەوە

حیکایەتی
دەست و پەنجەی شەقارمان
بۆ پێدەشتی بەفرینی کوێستانان
دەگێڕایەوە
هاتین
بە هەڵپەی دەرکەزایان
لە شارە بەژاوەژاوەکان
هەموویمان لەدەست دا
هاتین
ئاوی زیندوومان مراند
بە تاوەوە
خۆمان لە بندیواری چەشەخوازان و
مەیدانی قسەفرۆشاندا دیتەوە
هەوای سەرابێک لێی داین
نە لە خەو
نە لە بێداری
بەرمان نادا..
**(مامۆستایانی نهێنی..**
**درۆی سپی..**
**تەقەقەی خایینان..**
**مەیدانی قسەفرۆشان..)**

ئەو زەمینەی
هەر یەکەمان ناوێکمان لێ نابوو
ئەو زەمینەی پشتی ڕاست دەکردینەوە
ئەو زەمینەی
دایکمان بوو ، باوکمان بوو
لە خەمی ئێمە پیر بوو..
ڤیان و خۆشەویستی
سەریان هەڵگرت
ئێستا لە هەندەران
بە یادگاری و
بۆ یادگاری ئەو دەژین..

**(پشت ڕاست کردنەوە..**
**سەرهەڵـگرتن..**
**هەندەران..**
**یـادگاری..)**

چوارگۆشە سازگارتـر بوو
یان بۆشایی؟
سەفەر فێنکتر بوو
یان باوەش؟
تاڵیشک شیرینتر بوو
یان دەستەپاچەیی؟
ساوی کاویا هێمنتر بوو
یان جێوەڕێـیی؟
لاڤایی ڕۆشنتر بوو
یان پەنگاو؟
چەشەخوازی کۆمیدیتر بوو
یان بێـنیازی؟
ئاوی زیندوو بەشەوقـتر بوو
یان بۆنی ڕەنگ؟
**(بۆشایی..**
**سەفەر..**
**کـاویا..**
**بێـنیازی..)**

بڵێسە بە درەختان هەڵدەگەڕێ
ئاوی زیندوو
بەسەر سنگی زەنوێران..
ڕێی هەوادارانی گوڵـپەڕ،
داری عاشقکوژانی لێ شین بووە
بوونەوەری دەمامکداری گیرفان زل
لە هەر کونجێک خەونێـک بـبـینن
سەری گۆشاوگۆش دەبڕن..
**(هەڵگەڕان..**
**سنگی زەنوێران..**
**دەمامکدار..**
**گۆشاوگۆش..)**

شەوڕەو بوو
پرسیارێک
ڕوئیای دایساندم
کەڤاڵێک بوو
لەو کەڤاڵانەی
لە پێشانگەکانمدا
زۆر جار نمایشیان دەکەم
دەنگە نووساوەکانی دەردەبڕی
لە ناوەڕاستی (هیچ)دا،
لە ڕقی (درۆن)ـە کوێرەکان
وێنەی لامپایەکی شکاو
خۆیان بە تەنتەنەی ئاسمان
شۆڕ دەکردەوە
دووکەڵی سەردەمی ئیفلیجیان
هەڵدەمژی
بە چاوی کراوەوە دەنووستن
سەریان بە (با) ڕووت دەبووەوە..
**(شەوڕەو..**
**درۆن..**
**تەنتەنەی ئاسمان..**
**سەردەمی ئیفلیج..)**

چیا لە با دەپرسێ
کێ ڕێی نـێوانی
نەخشەی ئاگر و
بێدەنگی ئاوی زیندووی بـزر کرد؟
خانمی هاوار هاوار
لە کام قەسابخانە هاتبوو
بەو کراوەیی و بـێباکییە

سەر لە لاشە
جیا دەکاتەوە
کە خواوەند
دەستووریان نەدایە (نینئەننا)
لە دنیای ژێری ژێرەوە بیکا؟
**(نەخشەی ئاگر..**
**خانمی هاوار هاوار..**
**قەسابخانە..**
**نینئەننا..)**

سیمامان لە تووڕەیی هەڵێنجراوە
خاک،
لە بەرەبەیانی مێژووەوە
کێشمانەی خۆی دەدا
درەختێکی لێ نەبینرا
(بۆشایی)ـە پڕەکان،
هەمیشە
لە (ببوورە)یان زیاتر
بۆ نەمایەوە..
داهۆڵەکان بە ئاوی مردوو
پەڕوباڵیان دەرکرد
بێستانەکانیان بە تاڵان دا
لووتکە لە داخی
هەناسەبڕکێی دارستانان
دەگرین
فرمێسکیان
بە پانتۆڕی یاخە ئوتووکراوەکان
دێتە خوارێ
بوونمان،
بە تۆز و گەردی
خەتایە سەتبارەبووەکانمان
ئالوودەیە..
ئاوی زیندوو
نەگەیشتبووە لووتکەکان
بۆیە نابێ
بە مەرگی خۆمان بمرین
ئەوجا بۆ ئەوەی
بێ هۆ نەمرین
دەچینە شەڕ
دروشم،
بە مەرەکەبێک دەنووسین
بە چەپڵەی گەرم ڕەش دەبێتەوە..
ئاوی زیندوو
نەگەیشتبووە لووتکەکان
بۆیە
لە پرسیارە تێکشکاوەکان
نەگەیشتین
گوڵەگەنم
بڕوایان بە هەور نەما.

نەورۆزی ٢٠٢٦